بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران هەیبەت حەلبوسی بە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا



بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران هەیبەت حەلبوسی بە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا.

فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە راگەیەندراوێکدا وتی، بەگوێرەی ئەنجامدانی دەنگدانی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، هەیبەت حەلبوسی بە بەدەستهێنانی 208 دەنگ بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، سالم عیساوی 66 دەنگ و عامر عەبدولوجەبار 9 دەنگیان هێناوە و 26 دەنگیش بە پوچەڵ هەژمارکراون.